# سەلاح نەجمەدین: تورکیا بە مۆسیقاو بە گۆرانی دەست بەسەر نەتەوەی کورد دادەگرێ

پەیامنێری ئۆفیسی هەولێری هەفتەنامەکەمان دیدارێکی لەگەڵ هونەرمەند **سەلاح نەجمەدین** ئەنجام داوە، کە راشکاوانە پەنجەی خستۆتە سەر بەشێک لەو پاشاگەردانیەی کە ئێستا گۆرانی کوردی دووچاری هاتووە. ئێمە بە خۆشحاڵیەوە بە دوو بەش ئەم دیدارە بڵاو دەکەینەوە، هیواداریین کە سوودی لێ ببینن.



**بەشی دووەم و کۆتایی**

پ : سەردەمانێک تورکیا پارەیەکی زۆری خەرج دەکرد شێعر و گۆرانی کوردی وەربگێردرێتە سەر زمانی تورکی و بە تورکی بخوێندرێ، بەلام هەنووکە خۆمان ئەو پارەیەی ئەدەینێ . لەو بابەتەوە واتە ئەوەی کە هەندێک لەو هونەرمەندانە روویان کردوەتە تورکیی بوون ، تۆ وەک کەسێک کە ساڵەها دەگەڵ ئەو هونەرمەندە گەورانەمان وانەت لێوە وەرگرتوون چیت هەیە پێیان بڵێی ؟

و : بۆ نموونەی ئەوە شتێکت بۆ باس کەم لە ساڵەکانی هەشتاکان ئیبراهیم تاتلیساس کە بوە گۆرانیبێژ ،لە قیمەدا بوو . ئێستاش لەیادمە گۆرانیەکانی سەمیرە تۆفیقی بە تورکی دەگوت ئینجا رووی کردە کوردستانی تورکیا کە زاراوەیان کرمانجی ژووروەوە ، گۆرانیەکانی ئەوانیشی کردە تورکی.

واتە تورکیا ئەساسێکی وەهای نیە بەلام ئێستا بەداخەوە گۆرانیبێژەکانمان لە ناوخۆی وڵات و لە دەرەوەش بەدەفتەر پارە سەرف دەکەن بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان وەک تورکی بچێت دیارە هەر واش دەبێت قابیلە ئەو کەسەی لەوێیە تەوزیعی موسیقا دادەنێت لەسەر حەسەن زیرەک یا مەزهەری خالقیت بۆ دابنێت ؟ ئەوە دەسبەسەریەکە کە تورکیا دەسبەسەری گۆرانی کوردی کردووە لە کوردستان . هەر هەمووی گۆرانیە نوێکان ئەوە کەمان و کلارنێتی تورکییە . حەز دەکەم هەموو دەزگاکانی راگەیاندن ئەوە بڵاو بکەنەوە : تورکیا ئێحتلالی نەتەوەی کوردی کرد بە موسیقا و بە گۆرانی .هۆکارەکەشی دیارە ئەو ئاسانکاریەیە کە بەرپرسانی پێوەندیدار بۆیان دەکەن ئێمە لەلایەکەوە شەڕی تورکیا دەکەین و لەلایەکی دیکەوە تورکیا دەستی بەسەر موسیقاماندا گرتووە . دیارە هەر تورکیا نیە شتێکی لەوە خراپتر کە هەنووکە پەیدا بوە چەند گۆرانیبێژێکن کە بەتەواوی بەرهەمەکانیان میسریە ناوی ئەو کەسە نابەم کە بەرپرسایەتی ئەو کارەی لە ئەستۆیە و نووسیویشیەتی ئاوازی من لەکاتێکدا کە ئەو ئاوازانە هەروا کە ئاماژەم پێکرد بەتەواوی میسریە .ئەو هونەرمەندە رەسانانەی خۆمان لەیاد کردووە چوینەتە سەر رێچکەی ئەوان . تورکیا لە یونان دەدزی ئێمەش لە تورکیا بڕوانە ئاکامی ئەو موسیقایە .

پ : رات سەبارەت بەو کلیپە نوێیانە چییە ؟

و :لە باری تەکنیکیەوە زۆر جوانە بەرەو جیهانێکی نوێ و پێشکەوتووەوە هەنگاو دەنێن بەلام دەبێ ئاگایشیان لە رەسەنایەتیی کوردی هەبێت و تاموچێژی کوردی پێوە بێت بگرە لە تەسویر کردنیشدا لە بواری دەنگەکەدا پێشتر باسمان کرد با رەنگەکەی بەلانیکەمەوە کوردی بێت . پۆپ کەی پێوەندی بە موسیقای کوردیەوە هەبوە .

پ: حەوت کاسێتت بەهۆی رژێمی بەعسەوە رەش بوونەوە و تیاچوون چ پلانێکت بۆ زیندووکردنەوەیان هەیە ؟

و : من بە هۆی هاوتەمەنەکانی خۆم لە شەستەکانەوە هەتا هەفتاکان و هەشتاکان گەڕامەوە ناو هونەر دیارە کێشەی من واتە نەتەوەکەم کە لە ناخۆشیدا بوو ئەوە ئەساسی من بوو و کاریگەری هاوتەمەنەکانم کە هانیاندەدام و موسیقا و شێوازی منیان بەدڵ بوو دووبارە من هاتمەوە بۆ جیهانی موسیقا و گۆرانی .لەدانانی تیپەکەیشمدا تەنها دوو برادەری کۆنم یارمەتی منیان داوە کە سوپاسی تایبەتیان دەکەم و ئاواتم ئەوەیە خودا لەوە زیاتریان بداتێ و زۆر برادەری دیکەش لە بواری مەعنەویەوە پاڵپشتیان کردووم .

پ : ئەندامی تیپی ئەژین کە دووبارە داتمەزراندوونەتەوە کێن ؟

و : کۆچەر(تۆمبا) ،رەوەند(جاز) ،کاروان (گیتار)، کە هەر سێکیان کوڕمن . ئارۆڵ ( سۆلگیتار)، یاسر(ئۆرگ)، نیازی کە یەکەم ئامێرژەنە لە هەولێر ساکسیفۆن لێدەدا . دوو سیدیشمان ئامادەیە.

پ : کەی دێنە بازاڕەوە ؟

تۆمارم کردوون و خەریکی کۆپی کردنیانم لە سووریا و ماوەیەک دەخایەنێت چونکە پارەیەکی زۆری دەوێت .لەکاتی ئێمەدا کە گۆرانیەکمان تۆماردەکرد پارە دەهاتە گیرفانمان بەلام هەنووکە دەبێ بۆ تۆمار کردنی سی دیەک ، یەک دوو دەفتەر هەزینە بکەین .

پ : دەزگای راگەیاندن و کەناڵە ئاسمانیەکان لە هەرێمی کوردستان زۆرن ، هیچ پێوەندیت پێوە کردوون و ئایا هیچ یارمەتیان داوی ؟

و :ئێستە ئێمە چەند کەناڵی ئاسمانیمان هەیە کە دەچیتە هەر کەناڵێ کە گۆرانیەکت تۆمار کردووە بەلای کەمی بیست وەرەقت چووە و دەڵێی ئەو گۆرانیەم بۆ لێدەن یا لێم بکڕنەوە بەداخەوە لێم ناکڕنەوە یا دەڵێن سەدهەزار یا دەڵێن بێنە بەخۆڕایی یا دەڵێن پێمان جوان نیە ئێستە ئەو کاناڵە ئاسمانیانە بەداخەوە من پێیان دەڵێم دوژمنی هونەرمەندان و وشەی کوردی .لەهەشتاکان لەیادمە کەناڵێکی کوردی و فارسی هەبوو لە بەغدا کە گۆرانیمان بردبایە پارەی شاعیر و ئاوازدانەر و موسیقاژەن و گۆرانیبێژ و هەموانیان دەدا هەم لە رادیۆ و هەمیش لە تەلەفزیۆن . من کە ئەوکات گۆرانیەکم دەبرد دووسەد دیناری دەکرد دیارە دووسەد دیناری ئەوکات دەزانی چەندێ بوو بەلام هەنووکە بەپێچەوانەیە بۆ بڵاوبوونەوەی گۆرانیەکەم دەبێ عەلاقاتت دەگەڵیاندا هەبێت ئینجا بۆم ئەکەن .بۆ نموونە گۆرانیەکم لە ئەلعراقیە تۆمار کرد کە بردمە کەناڵەکانی دیکە گوتیان ئەوە ئێمە دەرهێنەری نین و بڵاوی ناکەینەوە .

پ : هەشتا گۆرانیت هەتا ئێستا تۆمارکردووە کامیانت پتر لە هەموان خۆشدەوێت ؟

و :ئەو گۆرانیەی کە من زۆرم پێ خۆش بووە " بەهار " ئاواز و گۆرانیەکەی هی خۆمە کە باس لە سرووشت و بەهاری جوانی کوردستان و هەستی نەورۆز کە هەستێکی دەروونی پڕ لە گریانی بۆ نەتەوەکەی هەیە دەکات .ئەو گۆرانیەم بۆ کوردستان گوتوە کە ساڵەهایە ناخۆشیمان دیتووە و ئیشالا بەرەو خۆشی دەچین .

پ : پتر شێعری کام شاعیر بەکار دەهێنیت لە گۆرانیەکانتدا ؟

و : مامۆسات فایەق بێکەس و گۆران و وەفایی ، چونکە بەڕاستی ئەو شاعیرە کۆنانە هەر وشەیەکیان دنیایەک مانایە .بۆیە شێعری ئەوانم بەدڵە . شێعری ئێستام زۆر بە دڵ نیە .

پ : مامۆستا سەلاح نەجمەدین لە یەکەم هونەرمەندانەی وا جازت هێناوەتە کوردستانەوە ، سپاست دەکەین بۆ ئەو دیدار و چاوپێکەوتنە و گوێبیستی دوا گوتەت دەبین ؟

و : دوا وتەم ئەوەیە داوام لە بەرپرسانی کوردستانی ئازاد ئەوەیە تورکیا دەسبەسەری موسیقای کوردی کردووە مەبەستی کۆنی خۆی پێکاوە و لاوانمان بەدەفتەر پارە لەوێ هەزینە دەکەن و موسیقای تورکی پەرە پێدەدەن بەداخیشەوە نەخۆشیە دوەمەکەیش واتە میسریش رووی تێکردووین و رێگە مەدەنە ئەو گۆرانیبێژانەی لە ستارمیوزیکی عەرەبی بەشدار دەبن . ئەگەر راست دەکەن با بە زمانی کوردی بەشدار بکەن ئەوە نیە عامرزیاب بە گیتار گۆرانی عەرەبی دەڵێ و بوەتە هۆی ناساندنی نەتەوەکەی .داوام ئەوەیە هونەرمەندانی کورد بۆ ناساندنی هونەرە نەتەوەییەکەیان بچنە دەرەوە و دامو دەزگا پێوەندیدارەکانیش یارمەتیان بدەن . سپاستان دەکەم بۆ ئەو بەسەرکردنەوەتان و ئاواتم ئەوەیە رۆژنامەکەتان واتە رۆژی گەل هەمیشە سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی و زۆر بەخێربێن.

# رۆژنامەگەری ئەهلی

ئەگەر لەلای نەتەوەکانی دنیا رۆژنامە یان (رۆژنامەگەری) لەکۆشک و تەلاری میریی و دەسەلاتدارانەدا لەدایک بوبێ ئەوا لەلای کورد لەبارودۆخێکی سیاسی تەمومژاویدا، لەولاتی بێگانە و دوورەوە لەدایکبوە، ئەگەر چی دەرچونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەچاو نەتەوەکانی دراوسێ گەلێک دواکەوت، بەلام بۆ ئەوبارودۆخە سیاسییەی ئەوسەردەمە لەبواری رۆژنامەگەری کوردیدا گۆرانیکی گەورەبو، یەکەم رۆژنامەی کوردی کەدەرچوە رۆژنامەیەکی ئەهلی بوە کە لەلایەن (میقداد بەدرخان )ەوە لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لەقاهیرەی ولاتی میسر دەرچوە. ئەمەش بەهۆی نەبونی دەولەت و کیانێکی سەربەخۆی کوردی کە یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەم شێوەیەلەدایک بوە، لەدوای ئەم رۆژنامەیە چەندین رۆژنامەی تر دەرچوە کە دەچنە قالبی رۆژنامەی ئەهلییەوە، بەلام ئەوەی لێرەدا مەبەستە، دەرخستنی کێشەو گرفتەکانی میدیای ئەهلییە لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، بۆیە گرنگی بەمێژو و سەرهەڵدانی میدیایی ئەهلی نەدراوە ، هەرچەندە ناتونرێ بەتەنها پێناسەیەک چەمکی ئەهلی بون و رۆژنامەی ئەهلی ئاشنابکرێ، بەلام لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەهلی بون یان میدیای ئەهلی لەگۆشە نیگایەکەوە پێناسەبکەین (گروپێک، کەرتی تایبەت، خاوەن سەرمایە) رۆژنامەیەکی سەبەخۆ یان میدیایەکی سەربەخۆ دەربکەن سەربەخۆبون بەمانای پەیوەستنەبون بەهیچ هێزێکی ئایدۆلۆژییەوە بەلام دەکرێ ئینتیمای فیکرییان هەبێ.

ئەوەی گرنگە لەمیدیای ئەهلیدا بەرجەستەبکرێت دەرکەوتنی رای جیاواز و دەربڕینی بیر ورای تاکەکانی کۆمەلگەیە بەبێ جیاوازی، هەبونی مێدیای ئەهلی لەهەر کۆمەلگەیەکدا یەکێکە لەسیمادیارەکانی دیموکراسی ئەو کۆمەلگەیە ،کاتێک میدیای ئەهلی دەتوانێت ئەهلی بونی خۆی بسەلمێنێت لەسەر ئابورییەکی سەبەخۆو ئەهلی دابمەزرێت بۆ ئەوەی ناچارنەکرێ بچێتەباری هیچ هێزێک یان حیزبێکی سیاسییەوە، دەستەبەرکردنی ئەوئابوریەش بەچەندین رێگادەبێت لەرۆژنامەدا، لەرێگەی فرۆشی رۆژنامەکە یان ریکلام، هەروەها لەمیدیای بینراو و بیستراوەکانیشدا لەرێگەی ریکلامەوە دەتوانن ئابورییەکی سەربەخۆ بەدەستبهێنن یان لەرێگەی سەرمایەدارەکان و کۆمپانیا گەورەکانی بازرگانییەوە بەپێچەوانەی میدیای حیزبییەوە، پێویستە ئەوەندە کراوەبێت بتوانێت بازار بۆخۆی بدۆزێتەوە کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی میدیایی حیزبییە ،

یەکێکی تر لەخالەگرنگەکان کەپێویستە لەمیدیایی ئەهلیدا هەبێت سەربەخۆبونی کەناڵە، دەبێت لەیادمانبێت کە کەناڵەکانی راگەیاندن تەنها کاتێک دەتوانن ئەم ئەرکە سەرەتاییانە سەبارەت بەدیموکراسی جێبەجێبکەن کەبەتەواوی سەربەخۆبن لەژێر کۆنترۆلی دەولەت یان بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندانەبن.

بۆئەوەی داکۆکی لەو سەربەخۆییەش بکەن پێویستە سڵ نەکەنەوە لەوپەیامەی کەئاراستەی حیزب یان دەسەلاتی دەکەنەوە بایەخدان بەدەنگ ورەنگە جیاوازەکان بەمەشە هەلێکی لەبار بۆ دروسست بونی بیرو بۆچونە جیاوازەکان بەرهەم دێ، چونکە کاتێک کۆمەلگە تەنها یەک رەنگی تێدا، دەکرێ بگوترێ کە کۆمەلگەیەکی نەخۆشە و توانای قبولکردنی دەنگە جیاوازەکانی نییە ،کەئەمەش بۆ ئەهلی بونی میدیا گرنگە، هەروەها بەئاشکرا خستنە روی شتەکان و سازنەش نەکردن لەسەر هیچ کێشەو مەسەلەیەک و بێلایەنی لەبلاوکردنەوەی پەیامەکاندا بۆمیدیای ئەهلی گرنگن.

هەمو ئەمانەی لەسەر میدییای ئەهلی باسکران چەند بنەمایەکی سەرەکین کەپێویستن بۆ میدیای ئەهلی و جیاکردنەوەیان لە میدیای حیزبی و پەیرەوکردنیان لەهەر ولاتێکدا پەیوەندی بەشێوازی بەرێوەبردنی ئەو ولاتەو سیستەمی سیاسی ولاتەکەوە، پەیرەوکردنی بۆ ولاتیک کە ئاشنایەتی لەگەل زاراوی ئەهلی و سەربەرخۆنییە گەلێک گرانە، میدیای ئەهلی لە ولاتانی جیهانی سێهەمدا روبەروی چەندین گرفتی جۆربەجۆر دەبنەوە، لەروی سیاسی و ئابورییەوە، دەستخستنە ناوکاری راگەیاندن لەلایەن حیزبەوە، میدیای ئەهلی لەولاتێکدا بەرهەم دێ کە یاسا سەروەر بێت و دەسەلاتەکان لەیەکتر جیاکرابنەوە و میدیای ئەهلی دەتوانێت کاربکاتە سەر رای گشتی و پردێک بێت لەنێوان هاولاتی و دەسەلاتدا (لەپێناوی رەخنەگرتن لەدەولەت بۆ نهێنیکاری و هاوسەنگکردنی بارستایی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستن. لەپاش راپەرین بواری راگەیاندن پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، چەندین کەناڵی راگەیاندن کرانەوە کەزۆربەیان زمان حالی حیزبەکان بون، حیزب بەتەواوی لەکەنالەکاندا باڵادەست بو، لەم قۆناغەدا میدیای ئەهلی نەی توانی بیتە سەرپێی خۆی بەهۆی چەندین گرفتەوە،

بێگومان پێویستە لەو راستییە مێژوییە بگەین کە رۆژنامەگەری کوردی تێدا لەدایک بوە (هەلومەرجی ئامادەگی داگیرکەران و بێبەشکردنی کۆمەلگەی کوردی لەمافی قسەکردن لەسەر کێشە و گرفت و مژدە وهیوا و ئامانج و روداوەکانی ناو هەناوی خۆی، هەلومەرجی ئامادەگی شۆش و بەرگری کردنی چەکداری و لەوێشەوە بالادەستی گوتاریکی حەماسی لەرۆژنامەگەری کوردیدا کە وایکردوە ئەم رۆژنامەگەرییە لەباتی خۆ خەریک کردن بەکۆمەلگەو کێشەکانییەوە سەرقاڵی خۆ خەریک کردن بیت بەشۆرش و کێشەکانییەوە جگە لەگەیاندنی هەوالەکانی حیزب بەکۆمەلگە.

**بنەما سەرەکییەکانی رۆژنامەی ئەهلی**

١-رۆژنامەی ئەهلی بەر لەهەر شتێک دەبێت لەسەر ئابوری ئەهلی و سەربەخۆ دامەزرابێت تاوەکو ناچار نەکرێت بچێتە ژێر ئایدۆلۆژیایی هیچ حیزب و لایەنێک.

٢-یەکێکی تر لەخالە گرنگەکان سەبارەت بە رۆژنامەی ئەهلی سەربەخۆبونە، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەربەخۆبون سوربن و داکۆکی لێبکەن دەبێت سل نەکەنەوە لەو پەیامەی کە ئاراستەی سیما دزێوەکانی حیزبێک یان دەسەلاتێکی دەکەن.

٣- رۆژنامەی ئەهلی دەبێکراوە بێت و بتوانێت بازار بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە دۆزینەوەی بازار و بەرزبوونەوەی تیراژ هۆکاتێکی گرنگ و بنچینەیە بۆ بەردەوام بوونی ڕۆژنامەکە. ئەمەش تەواو پێچەوانەی ڕۆژنامەی حزبییە.

٤-رەخنە گرتن لە گۆتارە سیاسی و بونیادە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە دەبێت یەکێک لە بنەما سەرکیەکانی ڕۆژنامەی ئەهلی (بە تایبەتی ئەهلی سیاسی)،ستراتیژی ئەو رەخنەیەش بنیاتێکی کۆمەڵگەی مەدەنی و کراوەیە.

٥-بایەخدان بە دەنگ و رەنگە جیاوازەکان ئەمەش بە رەخساندنی زەمینەی لە بار بۆ بیر و بۆچونەکە جیاوازەکان دێتەدی،چونکە کاتێک کۆمەڵگە تەنیا یەک دەنگی تێدا بوو واتە کۆمەڵگەیەکی نەخۆشە و ناتوانێ دەنگە جیاوازەکان قبوڵ بکات،سازش نەکردن لەسەر هیچ کێشە و مەسەلەیەک،خستنە رووی شتەکان بەئاشکرا.

**پۆلێنکردنی رۆژنامەوانی بە بۆچونی یونسکۆ**

رێکخراویی جیهانی یونسکۆ بۆ دەست نیشانکردنی جیاوازی نێوان کتێب و رۆژنامە سێ تایبەتمەندی هاوبەش و تایبەتمەندی جیاکەرەوە دەست نیشاندەکات کەبەهۆیەوە دەتوانرێ رۆژنامەی رۆژانەو نا رۆژانەی پێ لەیەکتر جیا بکرێتەوە ئەوانیش بریتین لە:

١- چاپکراو بێت : واتە کە بڵاوکراوەکە بە ژمارەیەکی زۆربێت جا بەشێوەی چاپی دەستی یان بە مهکینە .

٢-ئامادەکردن و رێکخستنی لە ناوەوەی وڵات بێت: بڵاوکراوەیەکی نیشتیمانی دەبێ لەناوەوەی وڵات ئامادە و رێکبخرێت، بەڵام دەتوانرێ چاپکردنەکەی لەبەر باری ئابوری لەدەرەوەی وڵات بێت.

٣- بۆ سودی گشتی بێت: بڵاوکراوەکە دەبێ دوای چاپکردنی بکەوێتە بەرچاوی هەمو لایەک هەموان سودی لێ بینن ئەوجا چی بەشێوەی خۆرایی بێت یان بەشداری یان دانە فرۆشیبێت

بەلام بەگشتی ئەو خاسیەتانەی کە رۆژنامە لە هەمو بڵاوکراوە و کتێب جیا دەکاتەوە بریتین لە :

١- بڵاو بونەوەی بەردەوام بە یەک ناونیشان

٢- بڵاوبونەوەکە لەکاتی جیاوازی رێک وپێکدا یان نارێک بەڵام بەمەرجێک دەبیت ساڵانە زیاتر لە جارێک بڵاو بێتەوە .

٣- بڵاوبونەوە بەمێژو ژمارەی دیاریکراو.

**ئامادەکردنی: بەرهەم عومەر**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com